# پەروەردەی ئیمانی هۆکارێکە لەهۆکارەکانی جێگیر بوون وثەبات لەسەر ئاینی خوای گەورە

# التربية الإيمانية من وسائل الثبات على دين الله

< kurdish - كردي - کوردی >

شێخ محمد کوڕی صالح ئەلمونەجید

الشيخ محمد بن صالح المنجد

وەرگێرانی: دەستەی زمانی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# پەروەردەی ئیمانی هۆکارێکە لەهۆکارەکانی جێگیر بوون وثەبات لەسەر ئاینی خوای گەورە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

پەروەردەی ئیمانی بە پەروەردەیەکی ئیمانیانەی زانستیانەی تێگەیشتوانە کە پلە بەندی تێدا ڕەچاو بکرێت هۆکارێکی سەرەکیە لەهۆکارەکانی جێگیر بوون وثەبات لەسەر ئاینی خوای گەورە.

ئەو پەروەردە ئیمانیەی کە دڵ ودەروون و ویژدان بە ترس وهیوا وئومێد بەخوا بوون و خۆشەویستی بۆ ئەو زاتە بەرز وپیرۆزە زیندوو دەکاتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ناتەبایە لەگەڵ ووشکی ودووره پەرێزی کە بەرهەمی دووریە لە دەقەکانی قورئان وسوننەت، وهۆگری بوونە بە ووتە وگوفتاری کەسانی تر، خوا پەنامان بدات ..

پەروەردەی زانستیانە لەسەر بەڵگەی ڕاست ودروست وصەحیح بنیات دەنرێت، کە ئەویش ناتەبایە لەگەڵ چاولێکەری و لەگەڵ بوونی کوێرانەی خەڵکی، کە هیچ بنەمایەکی شەرعی نیە .

پەروەردەی تێگەیشتوانەی واعیانە ئەو پەروەردەیە کە شوێنکەوتەی ڕێبازی تاوانباران و بێباوەڕان نیە، وە لە تەواوی پیلانەکانی دوژمنانی ئیسلام دەکۆڵێتەوە، لەهەمان کاتدا زۆر ئاگاداری بارودۆخی حازری موسڵمانانە، وتێگەشتنی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕووداوەکان و زۆر بەووردی هەڵیاندەسەنگێنێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ناتەبایە بە بیری داخراو وخۆکورتهەڵهێنان لە ژینگەیەکی داخراوی دیاریکراودا .

پەروەردەیەك كە پلە بەندی تێدا ڕەچاو كرا بێت، هەوڵدەدات هەنگاو بەهەنگاو وزۆر لەسەرخۆ بە تاكی موسڵمان هەڵهێنێت، بەشێوەیەك ووردە ووردە بە پلانێكی تۆكمەی هاوسەنگ ئاستی ڕۆشنبیر بەرز بكاتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ناتەبایە لەگەڵ شێوەی هەڕەمەكی و تیژپەڕی و بازادانی ڕوخێنەردا، كە دەبێتە مایەی ڕوخاندنی هەمووی ئەوەی پێشتر بنیات نراوە .

بۆ ئەوەیش كە گرنگی ئەم هۆكارە وەك هۆكارێكی پابەند بوون و جێگیر بوون لەسەر دینەكەی خوای گەورە بزانین، پێویستمان بەوە هەیە بگەڕێینەوە بۆ ژیان و بەسەرهاتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم )، وە لەخۆمان بپرسین : -

-ئایا سەرچاوەی پابەند بوون و جێگیر بوون و ثەباتی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە مەككەدا چی بوو ؟ لەو كاتانەی كە هەر هەموویان ڕووبەڕووی جۆرەها لێدان و چەوسانەوە دەبوونەوە ؟

-ئایا بیلال و خەباب و موصعەب و ئالی یاسر و غەیری ئەوانیش لە چەوساوەكان و تەنانەت گەورە هاوەڵانیش چۆن ثابت ودامەزراو و جێگیر بوون لەسەر ئیمان و ئیسلام، هۆكارەكەی چی بوو ؟ چۆن توانیان خۆڕاگربن لەو ساڵانەی دووچاری ئابڵوقەی ئابووری بوونەوە لە شیوی ئەبوطالبدا ؟

-ئایا دەگونجێت ئەم هەمووە خۆڕاگریە بەبێ هۆكار بووبێت ؟ ئایا دەگونجێت بێ بوونی پەروەردەیەكی ئیمانی بەهێزی قوڵی ڕەگ داكووتاو كە لە پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم ) سەرچاوەی گرتبێت هاتبێتە بوون ؟ چی وای لەو كەسانە دەكرد كە واز لە تەواوی خۆشی وڕابواردنەكانی دونیا بهێنن و ئامادەی هەموو ئەو دەردی سەری و سزا ولێدان و ڕاوە دوونانە بن، ئەمە ئەگەر ئیمان و باوەڕێكی بەهێز نەبێت كە پاش پەروەردەیەكی پێغەمبەرانە ڕەگی داكوتا بێت لەناخیاندا چی ترە ؟

بۆ نموونە با یەکێك لەو هاوەڵانە وەربگرین کە چۆن ڕوو بەڕووی سزادان دەبوویەوە و زۆریان لێدەکرد کە بگەڕێتەوە بۆ بت پەرستی و واز لە ئیمان و باوەڕەکەی بهێنێت، ئەویش خەبابی کوڕی ئەرەت بوو خوا لێی ڕازی بێت، ئەم هاوەڵە بەڕێزە سەید و گەورەکەی سیخ و شیشی ئاسنی بە ئاگر داخ دەکرد تا ئەو ئاستەی بەتەواوەتی سوور دەبوویەوە، پاشان بەڕووی دەینا بە پشتیەوە، ودەستی هەڵندەگرت لە سزادانی هەتاوەکو هەموو گیانی داخ دەکرد، هێندەی داخ کردبوو هەمووی چەوری لەش وگیانی تواویەوە، و هەندێك جار ئەو شیش وسیخانەی کە پێی داخ دەکرد لەژێر گۆشتەکەیوە بە شەحم وچەوری لەشی سارد دەبوونەوە، ئەی پەروەردگار ئیمان وباوەڕی ئەم دەستە وکۆمەڵەی کە شوێن ئیسلامەکەی تۆ کەوتون ئەگەر پەروەردەی ڕاست ودروستی پێغەمبەرەکەت و ئومێد بە گەیشتن بە تۆ نەبێت کێ دەتوانێت بەرگەی ئەو هەمووە ئازارە بگرێت ؟

یان بیلالی حەبەشی لەو گەرمایەی شاری مەککە و بەو هاوێنە پڕوکێنەرە بەردی گەورەی زەبەلاحیان دەخستە سەر سك و لاشەی و بەو شێوەیەش هەر ( أحدٌ أحدٌ ) ی بوو، یان سومەیە ویاسر چۆن کۆت وبەند دەکران وبە بەرچاوی عەماری کوڕیانەوە بە نێزەی بێباوەڕان شەهید کران ؟

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش هەڵوێستێکە لە سەردەمی مەدینە و پاش کۆچکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بە سەرکردایەتی پێشەوامان محمد المصطفى ( صلى الله عليه وسلم )، ئایا ئەوانە کێ بوون لە غەزوەی حونەیندا لەگەڵ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) مانەوە ودەوریان چۆڵ نەکرد لەکاتێکدا زۆربەی موسڵمانان شکان و پشتیان هەڵکرد ؟ ئایا ئەوانەی لەگەڵیدا مانەوە ئەو کەسانە بوون کە تازە موسڵمان و موسڵمانی پاش فەتحی مەککە بوون، کە پەروەردەیەکی بەهێزی ئیمانی وا نەکرا بوون لە قوتابخانەکی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) کە بۆ غەنیمە و ماڵ کۆکردنەوە هاتبوون ؟ نەخێر و سەد جار نەخێر، بەڵکو ئەوانەی کە دامەزراو و ثابت بوون،

ئەوانە بوون کە ماوەیەکی زۆر لە سەر دەستی پێشەوای ئازیزمان محمد المصطفی ( صلى الله عليه وسلم ) پەروەردە کرا بوون، چونکە ئەو جۆرە ڕووداو و هەڵوێستانە پیاوی ئازای بەجەرگی خاوەن مەبدەء و ئیمانی بەهێزی دەوێت، کە بەرگەی هەموو ناخۆشی و ڕەشەبایەکی بەهێز بگرێت، چونکە ئەو جۆرە هەڵویستانە بە کەسانێکی بەرژوەندی خوازی دونیای ناکرێت .

ئایا ئەگەر پەروەردە نەبێت، بە پەروەردەیەکی ئیمانی ڕەگ داکوتاو لەناخ و دڵو دەرونیاندا کێ هەیە بتوانێت خۆڕاگر بێت لەبەردەم ئەو هەمووە ناخۆشی و نەهامەتیەدا، بێگومان کاری ئیسلامی و بانگەواز بۆ ئاینە پیرۆزەکەی خوای گەورە، کەسانێکی پەروەردە کراوی لەو شێوەیەیان دەوێت .

[داواکارین لەخوای گەورە ومیهرەبان ثابت ودامەزراو وبەردەوامان بکات لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ڕێبازی ئەهلی سوننەت وجەماعەت. ئامین یارب العالمين ..] وەرگێڕ

وصلى وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سەرچاوە : پەرتووکی : وسائل الثبات على دين الله .